# حكومەتی جەماوەر و حكومەتی حزبی

**باوكی هیٚژا - هەولیٚر**

پیٚش چەند رۆژیٚك لەمەوبەر و لە ٧ی ئەم مانگەدا ، كارەساتیٚكی دلْ تەزیٚن و كاریٚكی قیٚزەونی تیرۆریستی چە پەلْ هەستی هەموومانی هەژاند و ئارامی و ئاسایشی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا تیٚكدا ، و سەرجەم ئەو كارە تیرۆریستیانەی هیٚنایەوە یادمان كە لەم پایتەختەماندا بەسەر خەلْكی هەژاری ئەم شارەدا هاتووە ، تیرۆریستان چەند ویٚستگەیەكیان كردبووە ئامانج بۆ تیرۆر كردنی ژمارەیەكی زۆر لە خەلْكی هەژار و بیٚخەتا و لە چەند شویٚنیٚكەوە بە دەستی رەشیان خویٚنی چەندین كەسی بیٚ خەتایان رژاند .. ئەم كارەساتە لە كاتیٚكدا بوو كە لوتكەی هەشت ولاْتە پیشە سازیەكە لە اسكتلندا گریٚدرا بوو ، كە بەریتانیایش یەكیٚكە لەو هەشت ولاْتە ، جیٚی خۆیەتی دەسەلاْت و حكومەتی ئیٚمەیش سەیری ئەو ولاْتانە بكات و پەند لە رووداوەكان وەرگریٚت و لەو مامەلْەیەی كە لەگەلْ رووداوەكاندا دەیكەن ، مرۆڤی بە توانا ئەو كەسەیە كە نە كەویٚتە هەلْەوە و ، ئەگەر كەوتیش پەندی لیٚوەرگریٚت بۆ جاریٚكی تر و ، پەندیش لە هاوشیٚوانی خۆی وەرگریٚت ، بینیمان لەم رووداوە هەژیٚنەرەدا حكومەتی بەریتانیا و بەرپرسان لە شاری لەندەن چۆن مامەلْەیان كرد ؟!! راستەوخۆ تۆنی بلیٚری سەرۆك لەو ولاْتە دوورەوە كورتە وتەیەكی ئاراستەی خەلْكی ولاْتەكەی كرد ، هاوغەمی سەبارەت بەو كارەساتە ئاراستە كردن و پاشتریش راستەوخۆ ئەو كۆبونەوە گرنگەی بە جیٚهیٚشت و گەرایەوە شاری لەندەن و لەویٚیش جاریٚكی تر وتاریٚكی بە پیٚزی ئاراستەی جەماوەر و خەلْكی شارەكەی كرد و داوای لیٚكردن كە بە حیكمەتەوە مامەلْە لەگەلْ ئەو كارەساتەدا بكەن و ، ئاماژەی كرد كە موسلْمانان لە بەریتانیا و ئاینی ئیسلامیش دوورە لەم جۆرە كارە تیرۆریستیانەوە ؟؟!!! هەروەها بەرپرسانی ئەو شارە چەندین كۆری رۆژنامەوانیان بەست بۆ كەنالْەكانی راگەیاندن و لە ریٚیانەوە خەلْكیان هیٚور كردەوە و وەلاْمی سەرجەم ئەو پرسیارانەیان ئەدایەوە كە ئەكرا و هیٚلْی تەلەفۆنی گەرمیان دانا بۆ پەیوەندی لەگەلْ جەماوەردا كە لە ماوەی دوو رۆژدا ٢٠٠٠ تەلەفۆنیان لە خەلْكی ئەو شارەوە ئاراستە كرا ، بۆ دۆزینەوەی تاوانباران و ، وەیاخود هەر بەلْگەیەك یان هەر هەوالْیٚك لەو بارەیەوە و بۆیە هیچ شیكردنەوەیەك بە جیٚنەهیٚلْرا بۆ هزر و

بیری هاووڵاتیان و توانرا بە ئاسانی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکرێت و باری دەرونی خەڵك ئارام بکرێتەوە ..

بەڵێ لە پایتەختی ئێمەیشدا ئەوە ئەبینین چەندین جارە کارەسات لە دوای کارەسات ئەم شارە ئەهەژێنێت ، روداو لە دوای روداو کە چەندین کەسی بێخەتاو گوناحی تیادا شەهید بوو خەڵتانی خوێن کرا ، بۆ جارێکیش نەمان بینی سەرۆکی حکومەت وە یاخود بەرپرسێك وەك پارێزگار یان بەرپرسی ئاسایش وە یاخود وەزیری ناوخۆ وە یان هەرکەسێکی تر بێت و وەڵامی پرسیارەکانی خەڵکی بداتەوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پاش کاتێکی زۆر لە دوای روداوەکان لە کەناڵێکی راگەیاندنی حزبیەوە پەیامی ئەوە بە خەڵکی درا کە تیرۆریستان ئاشکرا دەکرێن ، ئێمە دەست خۆشی لە ئاشکرا کردن و راگەیاندنی ئەو باندە تیرۆریست و چە پەڵە دەکەین ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە ئاشکرا کرا ، لە جیاتی ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانی جەماوەر بدرێتەوە ، سەدان پرسیاری تر خرایە مێشکی جەماوەرەوە کە هەموویان بێ وەڵامن ، ئایا ئەمانە چەند ساڵە لە کوێن ؟! کێ پشتیان بووە ؟! بۆ پەنا دراون ؟! ئایا گەر ئەو منداڵە نەبوایەتە هۆکاری ئاشکرا بونیان ، چەند کەسی تریان سەر دەبری ؟! ئایا ئاسایش ئەبێت پاش روداني چەندین کارەسات ئەوجا خەتا بار دەسگیر بکات ؟!ئایا ئاسایش بەقەدەر ئەو مناڵە چاوکراوە نەبوون ؟! باری دەرونی خەڵك وروژێنرا ، رق و قینەی نێو جەماوەر لە یەکتر و تۆمەتبار کردنی ئەم بۆ ئەو کە لە کوردستانیشدا خەتا هەتیوە و کەس خۆی ناکاتە باوکی ، هەروەها خرپیشە و بەسەر سەری کەسەوە راناوەستێت ، گەیشتوەتە حاڵەتێك کە ئێستا کەس لە خۆی ئەمین نیە ، لە ماڵ و منداڵی ، لەگەڵ ئەوانەیش هەموویدا ، ئەویسترێت ئەو روداوە بکرێتە گۆرەپانێك بۆ تەصفیە حساب دژ بە ئیسلام ، وە یاخود بە مەرامێکی حزبی دژ بە گروپە ئیسلامیەکان و مزگەوت و قورئان ، و شەوانە چەندین مێزگرد ئەگیرێت و وەك مەیدانی شەرە کەڵەشێر ، ئەوەی ئەویسترێت ئەوترێت ، جەماوەر هەر فریای ئەوە ئەکەوێت لەو کەناڵەوە بڕواتە ئەوی تر و گوێبیستی ئەو بێت و چاوەرێی وەڵام دانەوەی ئەوی تربێت ، چونکە خەڵکی ئەو هێڵە گەرمەیان نیە لەگەڵ ئاسایشدا ! تا وەڵامی پرسیارەکان لەوانەوە وەرگرن وەك خۆی ، وە یاخود دەزگاکانی ئاسایش و حکومەت خۆیان نەکردوەتە دەزگای جەماوەری و خەڵك بە ثقە وە مامەڵەی لەگەڵ بکەن ، تا ئاستێك کە رۆژانە گوێبیستی چەندەها شیکردنەوە لەسەر ئەو تاوانە چە پەڵە تیرۆریستیانە دەبین و کە زۆرێك لە خەڵکی تاوانەکان وەك مەسەلەیەکی حزبی تەماشا دەکەن کە ڕوبەڕوی حزبێك بووەتەوە زیاتر لەوەی کە خەڵکی خێر لە خۆ نەدیوی ئەم

ولاَتەمان باجەكەی دەدەن ، سەرەتا ئاشكرا كردنی باندی یەكەم و پیشان دانی زیاتتر لەكاتی هەڵبژاردندا وەك هەڵمەتی هەڵبژاردن هەژمار دەكرا و ئەم جارەیش چەندین پرسیاری تری لە پشتە ، بۆیە گرنگە سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەت و حكومەتی داهاتووی كوردستان حكومەتی جەماوەر بن و بیسەلمێنن كە ئەوان بۆ هەموو كوردستانن و ببنە پاریزەری خەڵك بە گشتی ، نەك تەنیان كۆمەڵێك كە لە ژێر رەنگێكدابن ، و دەبێ بە دەم ئەو نەهامەتیانەوە بچن كە رۆژانە خەڵكی هەژاری كوردستان روبەروی دەبێتەوە ، دەبێ هێڵی گەرم لەگەڵ خەڵكیدا ببەستن و بەبێ سانسۆر تێكەڵ بە جەماوەر بن ..